# وێنەی جەنگاوەرێك

## نەخشەکەی هۆرێن- شێخان*

لە ناوچەی هۆرێن و شێخان (ناوچەی مەیدان)دا و نزیك گوندی (شێخان) نەخشێکی سەردەمێکی دوور لەسەر بەردەکانی دەربەندی (بێلوولە)دا هەڵکەندراوە[1].



نەخشەکەی دەربەندی بێلوولە، لە:
MSP4,Pl.X

نەخشەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی (٢٢)ی پێش زایین واتە زیاتر لەچوار هەزار ساڵ بەر لەئێستا، ئەویش بەپێی شێوەی نووسینەکانی، هەرچەندە ڕا هەیە لەسەر ئەوەی لەمە نوێترە، قسەش هەیە کە وێنەکانی نەخشەکە لە نووسینەکە کۆنترین (بڕوانە خوارەوە).سێر هنری ڕۆڵنسن نەخشەکەی ساڵی ١٨٣٦ بینیبوو دواتر چەند کەسێك بینییان و کۆپییان کرد[2].

نەخشەکە بریتییە لە وێنەی سێ کەس؛ جەنگاوەرێك و دوو دیل لەگەڵ نووسینێك بە خەتی مێخی.

جەنگاوەرەکە کە بە نیوەی قەبارەی ئاسایی کراوە کەوانێکی بەدەستی چەپ گرتووە، چەکەکانی تریش بریتین لە تەورێك کە کراوە پشتێنەکەیدا، شتێکی تریش لە دەستی ڕاستیدا هەیە لە خەنجەر دەچێت، لە پشتەوەش تیردانەکەی دیارە.

کابرا کراسێکی لەبەردایە وەك پەشتەماڵ (جلوبەرگی ئەو سەردەمە)؛ پێیەکانی خاوسن، کڵاوێکی کردۆتە سەر کە قەراغێکی ڕازاندووە، گوێشی بە گوارەیەك و سنگی بە نیشانەیەك و ملی بە ملوانکەیەك ڕازاندووە. ملوانکەکە لە دەنکە مرواریی لوولەکی و خڕ یەك لە دوای یەك پێکهاتووە[3].

کابراکە بێ ڕیش وێنەکراوە، ئەمەش ئەگەر باوباران ڕیشیان نەسڕیبێتەوە[4]. پیاوی هەموو ئەو سەردەمانە ڕیشدار بوون، بەڵام هەندێك پادشاو کەسایەتیی سومەری هەبوون کە بێ ڕیش وێنەکراون.

لای ڕاستی نەخشەکە نووسینێکی مێخی دیارە، هەندێك شوێنەوارناس بە هی پادشایەکی دەزانن غەیری کابرای خاوەن وێنەکەیە[5]. ئەگەر ئەمەش ڕاست بێت پادشای خاوەن نووسینەکە نووسینە کۆنەکەی کوژاندۆتەوە (کە هی پادشای یەکەمی خاوەن وێنەکەیە) و دەقەکەی خۆی نووسیوە، واتە حاڵەتێکی (دزی هونەری و مێژوویی)مان هەیە.

دوو دیلەکە بەرامبەر جەنگاوەرەکە نا هونەرمەندانە دروستکراون و بەڕووتی پیشان دراون. دیلی سەرەوە دەستی بەرز کردۆتەوە بە شێوەی پاڕانەوە.

---

* گۆڤاری ڕامان، ژمارە٢٦ لە ٥/٨/١٩٩٨، ل ١٨٤-١٨٦.

[1] دەربارەی نەخشەکەو ئەو کەسانەی بینیویانە بڕوانە باسێکی کورت لە:
P.Calmyer, Hūrīn Šaihān, RLA 4, 1975, S. 504f.

[2]Ibid., S.504.

[3]MSP 4, pp.156ff.

[4]MSP, p.159.
برادەرانی مۆزەخانەی سلێمانی وێنەی ڕوونی نەخشەکەیان گرتووەو لەو وێنانە دیارە نەخشەکە زۆر بە ساغی ماوەتەوە بۆیە دیارە کە سێ کەسەکە بێ ڕیش وێنی کراون. ئەو وێنەیەم لێرەدا داناوە لەجیاتی وێنەکەی ناو بابەتەکەی دو مۆرگان.

[5] بڕوانە: MSP,p.160.

# نووسینەکە



نووسینەکە، لە:
MSP4, p.158

نووسینەکە بریتییە لە سێ خانە، هەر یەکێکیان کراوە بە چوار ستوون، ژمارەی هێما مێخییەکانیش (٤٦) هێمایە، چوار خانەی تریش ئامادەکرابوون، بەڵام بەکارنەهێنرابوون. نووسینەکە بە زمانی ئەکەدییەو بەپێی شێوەو تایبەتییەکانی لە زۆر کۆن دەچێت[1] و دیارە "بێگانە" ، واتە غەیری ئەکەدی، کە باش نووسینی نەزانیوە نووسیویەتی[2].

کۆترین وەرگێڕان ئەمەی خوارەوەیە کە پشتی بە کۆترین هێماگۆڕین – Transliteration بەستووە، ((هێماگۆڕین)) واتە گۆڕینی نووسینی دەنگەکان لەخەتی مێخییەوە بۆ خەتی تر (کە لێرەدا لاتینییە).

(( تار... نی Tar...ni ... کوڕی ...... ئەم وێنەیەی دانا کاتێک... ئەو گەڕاندیەوە (یاخود: نوێی کردەوە). ئەو کەسەی وێنەکە تێک بدات ــ نەوەو ناوی خوداوەند شاماش‌و خوداوەند راممان Ramman ( = ئاداد/ ف. ق ) لەناویان بەرێت ))[3].

لەدەقەکەدا وشەی ئوتێرا utera هاتووە، بەڵام هێمای (را) ra بەتەواوی دەرنەکەوتووە بۆیە واتای: گەڕاندمەوە، نوێم کردەوە، چاکم کردەوە.. دروستم.

وەرگێڕانێکی تری نووسینەکە هەیە:

(( تار... دون نی Tar...dunni ی کامڵ، کوڕی ئیککی Ikki وڵاتەکەی خامۆش کرد، یادگارێکی دانا، کاتێکیش کۆن بوو، نوێی کردووە، هەچ کەسێک یادگارەکە لاببات خوداوەند شاماش‌و خوداوەند ئاداد تۆو ناوی بەرن))[4].

خوێندنەوەی ناوەکە بە تار...دوننی خوێندنەوەی (شیل)ـە کە یەکەم کەس بووە لێی کۆڵیبووەوە (ساڵی ١٨٩٣).

وەرگێڕانێکی سێیەمی دەقەکەش بەم شێوەیەیە: خانەی یەکەم‌و دووەم لەوە دەچێت بە هێمای خوداوەندێک دەست پێبکەن‌و بە (بی ری نی) (bi-ri-ni) تەواو دەبن.. تەواوکردنی دەقەکە بەم جۆرەیە:

(( کوڕی ئیککیب شاخمات Ikkipšahmat وێنەکەی کرد، ئەو کەسەی ئەم وێنەیە [ بەجادوو تێک بدات ؟ ] با شاماش‌و ئیممێر Immer (= ئاداد/ ف.ق) نەوەو ناوی (وێران بکەن؟) ))[5].

وەرگێڕانێکی ترمان هەیە جیاوازییەکی گەورەی پێوە دیارە لەوانەی پێشووی، وەرگێڕانەکە (دیاکۆنۆف) هێناویەتی.. ئێمەش وەك خۆی دەینووسینەوە هەرچەندە سەرجەم وەرگێڕانە کوردییەکەی کتێبەکەی دیاکۆنۆف (کە لە فارسییەوە کراوەتە کوردی) هەڵەی زۆری تێدا دەبینرێت:

(( لی شیر پیرینی، کوڕی ئیکیب – شاخمات (؟) بڕیاری ئەم نیگارەی دا، کاتێک بیگێڕێتەوە (بۆ ژێر دەسەڵاتی خۆی) کیشوەری "زابان"ی (؟) وێنەکەو – جێ نشینانی ئەوو ناوی ئەو لەناو ئەبەن (؟) (خواکان) شاماش‌و ئاداد))[6].

پێویست ناکات باسی سەرجەم ئەم وەرگێڕانەی دوایی بکەین، بەڵکو تەنیا لەبارەی ناوهاتنی (زابان) لە وەرگێڕانەکە دەدوێین‌و دەڵێین کە بۆ ئەوەی خوێندنەوەی ناوی زابان ڕاست بێت پێویستە هێمای زا (za) هەبێت نێوان دوو هێمای ئات (at) و ئان (an) (ئەستێرەکە لەدەقە مێخییەکەدا – خانەی دووەم ستوونی دووەم)، بەڵام زۆر ڕوونە لە دەقەکەدا هیچ

[1] MSP, p.159.
[2] RISA, p.168n.a.
[3] MSP, p.159.
[4] RISA, p.169.
[5] E. Herzfeld, Iran in the Ancient East, London, 1941, p.186.
[6] ئای. م. دیاکۆنۆف، میدیا، وەرگێڕانی لەفارسییەوە: بورهان قانع، بەغدا، ١٩٧٨، ل ٦٨١.

هێمایەکی وا نییە. ئەوەی هەیە تەنیا (مات ئابان)ە (ma-at a-ba-an) دیاکۆنۆفیش ئەم (زابان)ـە بە (زابان)ـە ناودارەکە دەزانێت، کە لای ئەو هەر وەك لای کەسانی تر لای پردێ (ئاڵتون کۆپری)یە[1]. هەرچەندە ئەو ڕایەش هەیە کە زابان سەر بە ناوچەی پردێ نییە بەڵکو لەو شوێنەدایە کە ڕوباری عزێم زنجیرەی چیای حەمرین دەبڕێت (بڕوانە بابەتی وەرگێڕدراوی "سیمورروم و زابان" لەم کتێبەدا) بەڵام هێشتا ئەو شوێنە دوورە لە شوێنی نەخشەکە.

دەتوانرێت زیاتر باسی ولاتی (ئاوان) بکرێت کە ولاتێکی هەرە کۆنەو کەوتبووە کوێستانەکانی باکووری (ئێلام) واتە نزیك ناوچەی (شێخان)، وەرگێڕانێکی تری دەقەکەش ناوی (ئاوان)ی بەشێوەی (ئابان) خوێندۆتەوە، بەلام ئەمیان بە گومانەوە: ((.... کاتێک ولاتی ئاوان (؟) ی خستەپاڵ خۆ...))[2].

بەپاڵ ئەمانەش ناوی شاری (ئاوال) لە دەقەکانی (تەل سلێمە)ی حەوزی بەنداوی حەمرین (لەسەر ڕوباری دیالە-سیروان) هەیەو بە دوور نەزانراوە ناوی کۆنی گردەکە بێت[3]. ئەم دەقانە بە هی سەردەمی ئەکەدی زانراون[4]. جگە لەمە ناوی ئەم شارە لەسەردەمی بابلیی کۆندا هاتووە. لەدەقێکی جوگرافیدا کە ناوی ئەو شارانەی تێدایە کە خوێندنەویان لەیەکترەوە نزیکەو هەموویان بە دەنگی (ئا) دەست پێ دەکەن ئاوال پاش ناوی (ئاوان) هاتووە[5] بۆیە دیارە ئاوان و ئاوال دوو شوێنی جیان. شاری ئامال Amalیش هەیە کە وادیارە سامسوئیلونا (١٧٩٤-١٧١٢پ.ن) کوڕی حامورابی لە ساڵی (٣٥)یدا گرتبووی[6] هەردوو ئەم شوێنەش تا ڕادەیەك نزیکن لەو ناوچەیەی نەخشەکەمانی تێدایە.

لەو وەرگێڕانەی ئێستا هێنامان، کە ناوەکە بە "ئاوان" دەخوێنێتەوە، ناوی کابراکە بە (... ئیرپیرین irpirin... خوێندراوەتەوە...[7] (فاربەر) ناوەکەی بەجۆرێکی نزیك لەم ناوە خوێندۆتەوە ئەویش: س ـ س ـ ئیربیرینیx-x-irbirini (x-x واتە دوو هێمای شکاو) ناوی باوکیشی بە ئیککیبشاخمات Ikkibšahmat دەخوێنێتەوە[8] کەجیاوازیی نییە لەگەڵ ئیککیپ شاخمات، هەروەها جیاوازیی وا نییە نێوان (... ئیرپیرین) و (... ئیربیرینی) چونکە لە زۆر هێمادا دەنگی (ب) بە (پ)ش دەخوێندرێتەوە، بەلام سەبارەت بە سەردەمی نەخشەکە (فاربەر) بەجیا لەوانی تر کاتەکەی دەگێڕێتەوە بۆ سەردەمی بابلیی کۆن[9].

لەدەقەکەدا وشەی ئوتێرا utera هاتووە کە ئەگەر بە (گەڕاندەوە، نوێی کردەوە، چاکی کردەوە) لێك بدرێتەوە چەند واتایەکمان بۆ دەستدەکەون کە یەکێکیان ئەوەیە (تار.. دوننی) نەخشەکەی نوێ کردەوە. واتایەکی تریش، کە بۆچوونی (دو مۆرگان)ە، ئەوەیە پادشایەکی تری غەیری (تار.. دوننی) نەخشەکەی هەڵکەندبوو و پاشان تێکدرا، (تار.. دوننی)ش نوێی کردەوەو ناوی خۆی خستەسەر، هەر بە بڕوای (دو مۆرگان) پاشای یەکەم (سامی) بووە واتە لە عیراقەوە گەشتۆتە ئەو ناوچەیە[10].

واتایەکی تریش بۆ ((گەڕاندنەوەکە)) بریتییە لە گەڕاندنەوەی زەوییەو پادشا نەخشەکەی بەم بۆنەیە کرد.پرسیارێکی تر هەیە ئەویش لەبارەی گەلەکەی تار.. دوننی. هەرچەندە دەقەکە بە ئەکەدی نووسراوەتەوە، بەلام تار.. دوننی لە ئەکەدی ناچێت، زمانی ئەکەدیش زمانێکی جیهانیی نووسین بوو بۆیە دەقەکە بەو زمانە نووسراوەتەوە.

---

[1] میدیا، ل ١٧٩.

[2] IRSA, p.169(Gelb, Materials for the Assyrian Dictionary, 3, p.293).

[3] د. فوزي رشيد، اقدم الكتابات المسمارية المكتشفة في حوض سد حمرين، ١٩٨٢، ل ٩.

[4] سەرچاوەی سەرەوە، ل٤.

[5] سەرچاوەی سەرەوە، ل ١٠.

[6] Ebeling, RLA, 1, S.91.

[7] Ibid.

[8] P.Calmyer, RLA, 4, S.504.

[9] Ibid.

[10] MSP, p.160.

بەپێی (کامیرۆن) تاردوننی کوڕی ئیککی لەهەمان سەردەمی ئانوبانینی ژیاوەو وەکو ئەو سەر بە گەلی لولوبی Lulubi (لوللو) بووە[1]، لەکاتێکدا لای هێرتسفێلد کۆنترە[2] دیاکۆنۆفیش دڵنیایە کابرا گوتییە[3]، زانیشمان دیاکۆنۆف ناوەکەی بە (لی شیر پیرینی) خوێندۆتەوەو بە ئەکەدیی زانیوە بەواتای (نەوەمان بمێنێتەوە)[4].

پاشگری نی ni کە لە کۆتایی ناوی کابرادا هاتووە لە ناوی زۆری لوللوییدا هەیە وەك ساتونی Satuni (سەدەی ٢٣ پ.ز ) هەروەها شاری خودونی Huduni (یان خودون)[5] کە (بیللەربێك)[6] و(شترێك)[7] دەیخەنە ناوچەی هۆرێن، بەڵام ئەمە لەڕاستی دوورە، چونکە بەپێی (سپایزەر) ، کە ئەمیان تەواوترە ، ئەم شارە لە شارەزوور دایە. لێکۆڵینەوەی (سپایزەر)یش لەوەی ئەو دوانە وردترە. پاشان ناوی دوو کێوی ئێتینی Etini و سوانی Suani کە لەگەڵ (خودون)دا لەساڵی (٨٨٠)ی پێش زایندا ناویان هاتووە. لەبەرئەمەو لەبەرئەوەی ناوچەی هۆرێن-شێخان درێژبوونەوەیەکی سروشتییە بۆ وڵاتی لوللوییەکان دوور نییە تار.. دوننی لوللویی بێت.

دەتوانین لەلایەکی ترەوە بەراوردی بکەین لەنێوان بڕگەی (دون)ی ناوی تار.. دوننیو ناوی (دونیاش) کە لە ناوی کاردونیاش Karduniaš دا هەیە. کاردونیاش لای کاششییەکان ناوی ناوەڕاستو باشووری عیراق بوو. وڵاتی کاششییەکان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی هۆرێن ــ شێخان بوو و بۆ ماوەی زیاد لە چوار سەدە بەشێکی گەورەی عیراقیان حوکم کردبوو.لای هەندێك کەس ڕەنگە ناوی کاردونیاش ناوی خوداوەنێکیتێداهەبێت ئەویش دونیاش[8] هەرچەندە خوداوەندێك لە سەردەمی کاششیدا بەم ناوە نەبووە[9] پاشگری (یاش) پاشگرێکی کاششییە.

لەلایەکی ترەوەو لە باسی خوداوەندی تایبەتیی کەسان(دولاپۆرت) ناوی (دون) دەبات کە خوداوەندی پادشایانی شاری لاگاشی سومەری (لەهەزاری سێیەمدا) [10]واتە دەتوانین ناوی (دون) وەك ناوی خوداوەندێکی ئەو دەوروبەرانە بزانین. کەواتە ڕەنگە بۆشایی نێوان (تار) و (دوننی) هێمای خوداوەندی تێدا بووبێت کە ئەو هێمایە دەنووسرێت، بەڵام ناخوێنرێتەوە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ناوی (ئیککیپ شاخمات) بەخوری زانراوە[11].. بەهەرحاڵ هەر قسەیك لەبارەی ڕەگەزی کابراوە تەنیا بۆچوونەو بۆی هەیە ڕاست بێتو بۆی هەیە بەتەواوی هەڵە بێت.

---

[1] G.G. Cameron, History of Early Iran, 1968, p.41.

[2] E. Herzfeld, Iran in the Ancient East, p.186.

[3] میدیا، ل ١٨٠.

[4] میدیا، ل ٦٨٠.

[5] بەڵام لەلایەکی ترەوە لەو ناوچەیەدا تەنیا ناوی (خودون) هاتووە لەکاتێکدا (خودونی) بەبڕوای ئێمە هەڵەیەکی نووسەری دەقە ئاشوورییەکەیە کە دەبوا(خولون) بوایە کە لەوڵاتی (خابخی)دا بوو - باکووریان باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئاشور.

[6] Suleimania, S.29.

[7] Streck, S.281.

[8] د. سامی سعید الاحمد، فترة العصر الكاشي، سومر ٣٩، ١٩٨٣، ل١٣٥.

[9] هەمان سەرچاوە.

[10] بڕوانە: د. عبدالرضا الطعان، الفكر السياسي في العراق القديم،دار الرشيد، بغداد، ١٩٨١، ل ٤٤٨.

[11] میدیا، ل ٦٨٠(بەگومانەوە).

